# بەناوی زمانی یەکگرتووی کوردیەوە سووکایەتی بە هۆرامی وکرمانجی مەکەن

ئەردەڵان عەبدوڵلا

ماوەیەکە مەسەلەی زمانی ستانداروو زمانی یەکگرتووی کوردی بۆتە قسەوباسی ناو سایت ورۆژنامەکان. دیارە خۆی لەخۆیدا ئەم باسە ، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. پێش هەموو شتێک ، ئەوەی کەمن هەستی پێدەکەم ،چەند کەسێکی نامەسئوول وناشارەزاو نا پسپۆر ، بەشێوەیەکی زۆر نازانستی ، بازاڕیانە، سووکایەتی لەرادەبەدەر ، بە هەردوو زاراوەی هۆرامی وکرمانجی دەکەن . لەپاش بەیانی 11 ئازاری 1970 وە ، بە شێوەیەکی سیستەماتیکی ، هەردوو شێوەزاری هۆرامی و کرمانجی ، لەهەموو رووییەکەوە پشتگوێ خراون. هۆکاری ئەم پشتگوێخستنەش ، دەگەرێتەوە بۆکۆمەڵێک کەس ، کەبە ژەهری ناوچەگەری و شارچێتی ، دڵ ودەروونیان شۆراوەتەوە. هەتاوەکوو ئەمرۆش ، لەسلێمانی کۆمەڵێک نوکتەو سووکایەتی بێ سنوور ، بە خەڵکی هۆرامی دەکرێت . هەموو ئەم نوکتەو سووکایەتیانەش ، دەچێتە قاڵبی راسیزمی ناوچەگەری وشارچێتیەوە. لەم ماوەیەدا لەهەولێر ، کۆنگرەیەک بەستراوە، بەناوی زمانی کوردیەوە. بۆتامی دەم ،کەمێک باسی کرمانجیان کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی هۆرامی نەکراوە. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆئەوەی ، کەکۆمەڵێک نووسەری سلێمانی وهەولێر ، بەتۆپزی دەیانەوێت دیالێکتی سۆرانی ( بەتایبەت شێوەی سلێمانی) ، بەسەر هەموو ناوچە و شێوە زارەکانی تر بسەپێنن . دیارە من حەزدەکەم ئەوەبڵێم ، کەلەهیچ سەردەمێکدا ، زمان بە تۆبزی و "کەڵەگایی"، بەسەر خەڵکی تردا نەسەپێنراوە. دیارە جگە لە توورکیای فاشی نەبێت ، کەبەزۆر زمانی توورکی سەپێنراو ،زمانی کوردیش ( کرمانجی) قەدەغەکرا. ئەمرۆش کۆمەڵێک کەمالیستی سۆرانی ، دەیانەوێت بەهەمان شێوە ، سۆارنی بەسەر هۆرامی وکرمانجیدا بسەپێنن . دیارە من وەکوو هۆرامیەک ، هیچ کاتێک ئامادەنیم ، واز لەو زمانە بهێنم ،کەدایکم فێری کردووم . گەر کەسێکیش بیەوێت بەزۆر سۆرانیم بەسەردا بسەپێنێت ، زۆر زۆر بەهەڵەداچووە. من هیچ کاتێک ناوچەیەکی کوردستان بەسەر ناوچەیەکی تردا فەرزناکەم ، وەلێ هیچ کاتێکیش رازی نابم ، ناوچەیەک یان شارێک خۆی بەسەر تەواوی کوردستاندا فەرزبکات.

هەندێکی تر لەبەر ئەوەی شارەزایی زمانیان نییە ، وادەزانن زمان چێشتی مجەورە ، بە کۆنفرانسێک یان کۆبوونەوەیەک ، هەموو شێوەزارەکان تێکەڵ بکرێت و زمانی تازەی لێ دروستبکەن . من پێم خۆشە لێرەدا ، ئەزموونی چەند وڵاتێکی جیهان بخەمەڕوو.

وڵاتی هیندستان کە یەکێکە لە ووڵاتە گەورەکانی جیهان ، زیاتر لە 179 زمان و 544 دیالێکت ، قسەی پێدەکرێت 1. لە پاش رزگارکردنی وڵاتی هیندستانەوە، شێوەزاری هیندی وئینگلیزی کران بە زمانی رەسمی وڵات . دیارە لەبەرئەوەی کە زمانی هیندی ، زمانی زۆرینەی خەڵکی هیندستان بوو، ئەم بڕیارە درا. جگە لەم دووزمانەش ،22 زمانی تر وەکو زمانی رەسمی دانی پێدانراوە و لە ولایەتە جیاوازەکان زمانی رەسمیە و رۆژنامەو گۆڤار وکتێبی تایبەتی خۆیان هەیە. جگەلەوەش ئەم هەموو زمانانە ، ماڤی پێشکەوتن و بڵاوکردنەوەی کتێب و چالاکی فەرهەنگی هەمەجۆریان هەیە. هەموو پێداویستیەکانیش لەلایەن حکومەتەوە بۆدابیندەکرێت2 .




نەخشەی دابەشکردنی زمانەکان لە هیندستان

نموونەیەکی تر وڵاتی پاکستانە. لە پاکستان بە پێچەوانەی هیندستانەوە ، زمانی رەسمی ،زمانی زۆرینەی خەڵکی پاکستان نەبوو. زمانی ئوردوو ، تەنها 12% ی زمانی خەڵکی پاکستانە . بەڵام ئەم شێوە زارە کرا بە زمانی رەسمی . جگە لەزمانی ئوردوو ، چوار شێوەزارو زمانی تر ، لە ولایەتەکاندا ،زمانی رەسمین. لەوانە ( Punjabiپەنژوبی کە زمانی دایکی لە 43% ی خەڵکی پاکستانە. سیندی Sindhi 14% خەڵکی پاکستان قسەی پێدەکەن . Pashtu پەشتوو، کە لە 15% ی خەڵکی پاکستان قسەی پێدەکەن . جگە لەمانیش زمانی بلوجی و عەرەبیش قسەی پێدەکرێت 3 ).




نەخشەی زمان و شێوەزارەکانی وڵاتی پاکستان

پێم خۆشە نموونەیەکی ئەورپاش بهێنمەوە ، چونکە دەزانم بەداخەوە کە لەناوزۆربەی نووسەرانی کورد ، تەنها چاویان لەئەورووپایەو ، تەنها ئەزموونەکانی ئەم کیشوەرە بەراست دەزانن . وڵاتی نۆرفێژ ، کەوڵاتێکی بچووکی سکاندناڤیایە، کۆی دانیشتوانی ناگاتە 5 ملیۆن . لەم وڵاتەدا دووشێوە زمان و دووزمانی تر ، بەزمانی رەسمی دادەنرێن . شێوە زاری نۆرسکی یان بۆک مال Bokmal ، کە زمانی دایکی لە 80% ی نۆرڤیژەکانە . لەگەڵ شێوەزاری نینۆرسک Nynorsk کە زمانی دایکی 15% ی نۆرفێژەکانە. هەردووکیان زمانی رەسمین . جگە لەمانیش زمانی ریکس مال Riksmal ، کەشێوەزمانێکە نزیکە لە زمانی دەنیمارکیەوە ، لە 5% ی نۆرفێژەکانی قسەی پێدەکەن . ئەمەش بەهەمان شێوە ، بەزمانی رەسمی دادەنرێت . هەرکەسێکیش بچیتە نۆرفێژ ، دەبێت هەردوو شێوەزارەکە فێربێت 4.

لەهیچ وڵاتێکدا ، هیچ کاتێک سووکایەتی بەزمانێکی تر یان بەشێوەزارێکی تر نەکراوە. کەچی بەداخەوە لەکوردستاندا ، بەچەندین شێوە ، سووکایەتی و قسەی ناشرین بەناوچەکانی غەیرە سلێمانی و هەولێردەکرێت . لەسلێمانی هەرکەس خەڵکی سلێمانی نەبێت ، گاڵتەو سووکایەتی پێدەکرێت . کاتێک هۆرامیەک بەسۆرانی قسەدەکات ، گاڵتەی پێدەکەن . لەبەرامبەردا گەرکەسێکی کورد ، عەرەبی نەزانێت ، گاڵتەی پێدەکەن. من تێناگەم بۆچی خەڵکانێک هێندە سووکن لەئاست داگیرکەرێکی عەرەبدا، کەچی لەبەرامبەر ناوچەکانی تر ، خۆیانمان لێ دەکەنە قارەمان .

دیارە سۆرانی هیچ کاتێک زمانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان نییە . لەکوردستان زۆرینەی خەڵکی بە کرمانجی قسە دەکات . پاشان شێوە زاری گۆرانی دێت ( ئەمەش هۆرامی و فەیلی و خانەقینی و لووری و زازا ،دەگرێتەوە) . پاشان موکریانی ( کەبەشیکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی ئێرانە). پاش ئەوان ئینجا سۆرانی دێت .

یەکەمین دەق ( تێکست) کەبەزمانی کوردی نووسرابێت و، رۆڵی گرنگی بۆزمانی کوردی هەبێت ، کتێبی ئاڤێستایە ، کەئەویش بە شێوەزاری هۆرامی کۆن نووسراوە. یەکەمین شاعیر کەبەکوردی شیعری نووسیوە، بابەتاهیری هەمەدانی بووە، ئەویش بەشێوەی گۆرانی شیعری نووسیوە. گۆرانی مەزن کەبەباوکی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت ، پشتی بەشیعری شاعیرە مەزنەکانی هۆرامان بەستووەو، لەشیعرەکانی ( مەولەوی و بێسارانی) وە توانی شیعری سۆرانی بگۆرێت و، بەردی بناغەی قووتابخانەیەکی نوێی شیعری کوردی دابنێت . کاکەیەکان، کەتایەفەیەکی کۆنی کوردن ، کتێبە پیرۆزەکەیان ( کتێبی رەش) ، بە شێوەی هۆرامی نووسراوە.

مەستوورەخانمی ئەردەڵان ، پێش دووسەدساڵ لەمەوپێش ، شیعرو کتێبی بەهۆرامی نووسیوە. بەداخەوە هێشتا لەهەولێر ژنەشاعیرەیەکی کورد پەیدانەبووە، کەچی کۆمەڵێک نووسەری ئیسلامی هەولێری ، دەیانەوێت زمانی هەولێریمان بەسەردابسەپێنن!!! . من تێناگەم بۆچی کاتێک هۆرامیەک یان بادینیەک ، داوای ئەوەبکات ، بەزمانی دایکی بخوێنێت ، یەکسەر بەخائین و دوژمنی کورد دادەنرێت . هیچ کەس بۆی نییە کوردایەتی بەسەر ئێمەدا بفرۆشێت . ئێمە تەنها لەچرکەیکەدا بەعسی فاشی 5 هەزارکەسی لێ شەهیدکردین . هەرچی لادێ ی هۆرامانە ، وێرانکراوەو سووتێنراوە. شۆرشی نوێی یەکێتی ، شۆرشی گوڵانی پارتی ، لەهۆرامانەوە سەری هەڵداوە. شەرِی چەتەگەری یەکێتی وپارتیشتان بەدیاری بۆهێنان و بووینە گۆرەپانی ئەم شەرە نەگریسە. بەوەش دڵی جەلال تاڵەبانی ئاوی نەخوارد ، هەرچی ئیسلامی وپیاوکوژی سلێمانی هەبوو ، فرێیدایە هۆرامانەوە. کەوەفدێکی بیانی دێتە کوردستانەوە گورج، کڵاش وجلی هۆرامی پێشکەش دەکەن. جگە لەوەش

شەهیدانی هەڵەبجەش ، کراونەتە بەرماڵێکی نەبڕاوی سواڵکردن و پارەپەیداکردن .
جالەبەر ئەوە باکەس وانەی کوردایەتیمان فێرنەکات و، لەکەسیش قبووڵ ناکەین سووکایەتیمان پێبکات . هیچ کاتێک حەساسیەتم بەرامبەر سۆرانی نەبووە. بەڵکە زۆرئاسایی بووە لام ، گەر بە سۆرانی بنووسم وبخوێنمەوە. وەلێ بەداخەوە ئەوەماوەیەکە ، چەند کەسێکی نامەسئوول و نا نووسەر ، خەریکە حەساسیەت لەنێوان شێوەزار وناوچەکانی کوردستاندا دروست دەکەن . .

بەراستی سایتی دەنگەکان و کلاورۆژنەو دەنگی کوردستان ،جێگای رێزوحورمەتی هەمووکەسێکن .
دیارە من رێزی زۆرم بۆ بەرێزان ( کاک گۆران عەبدوڵلا، کاک ساقی بارزانی ، کاک هیشام ئاکرەیی)هەیە . ئەوانە بەراستی خەڵکی رۆشنبیرو نووسەری بەتوانان . لەرووی رۆژنامەنووسیشەوە خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردیان کردووە. سایتەکانیان جێگای رێزو حورمەتە لەلایەن هەموو کوردێکەوە. وەلێ نەدەبوو بهێڵن ، چەند کەسێکی نامەسئوول سووکایەتی بەهۆرامی وکرمانجی بکەن . ئاخر ئەم سایتە بەرێزانە، زۆر جیاوازن لەو سایتەی کەخاوەنەکەی هیچ ئاگای لە زمان و ئەدەبی کوردی نییە. پێشتر لەسلێمانی لەحەوزە ووشکەکە حەبی مەنع وقەڵەوی فرۆشتووە، کەچی ئێستاش لێمان بۆتە سوپەر رۆژنامەنووس!!!!!!!!!! . لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە هەموو شتێک بڵاوبکاتەوە.

سەرچاوەکان


1. www.Wikipedia.de. Indien
2. هەمان سەرچاوە.
3. Microsoft,Encarta Professional 2003 .Pkistan.
4. www.Wikipedia.de .Norwegen